کوردستانی نوێ
ساڵی چواردەهەم-ژمارە (3653) یەکشەممە 2005/4/24
No: 3653 Sunday 24/4/2005

# قەڵادزێ جوانتر ئاوەدان دەبێتەوە

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر-ڕێبوار محەمەد یوسف**

بەرەبەیانی ڕۆژی 24ی نیسانی ساڵی 1974 لەکاتێکدا خەڵکی ستەمدیدەی شاری قەڵادزێ لەگەرمەی چوونە کاری سەر ئیشەکانیان بوون و بەوپەڕی هیواو ئاواتەوە چاویان بڕیبووە ڕۆژێکی گەش و پڕشنگدارو تاکو گوڵی هیواکانیان چرۆ بکات. لەکاتێکدا دایك و باوکان خەریکی بەرگ پۆشین و ناردنی منداڵەکانیان بوون بۆ قوتابخانەو لەبەری ڕەنجی چەند ساڵەو ماندووبوونیان بحەسێنەوە، کرێکاران خەریکی بیناکردن و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی شارەکەیان بوون و جوتیارانیش بەزەوییەکانیانەوە خەریکی چاندنی بەرووبووم و پەرەپێدانی باری ئابووری گوزەرانیان بوون، کیژو کوڕ خەریکی خۆئامادەکردن بوون تاکو لەرۆژێکی بەهاری ئەو ساڵەدا ڕەشبەڵەك بگێڕن و تاسەو هیواو ئاواتەکانیان چرۆبکات. فەرمانبەران ڕووەو دام و دەزگاکانیان هەنگاویان دەنا تاکو ئیش و کاری هاووڵاتیان رایی بکەن و هاووڵاتیانیش خەریکی کردنەوەی بازاڕو کاروکاسبی بوون, خوێندکارانی زانکۆش خەریکی خۆئامادەکردن بوون تاکو بروانامەیەکی باش بەدەست بهێنن بۆ میللەتەکەیان. ئالەو کاتە شوومەداو لەچەند چرکەیەکدا دەنگی سامناك و بزێوی چوار فڕۆکەی سیخۆ ئەو شارە جوان و نازدارەی خەڵتانی خوێن کردو لەچاوتروکانێکدا لاشەی 163 شەهیدی 350 بریندداری لێکەوتەوەو شارەکەیان نقومی خوێن کردو سەدەها ژن و منداڵ و پیرو پەکەوتەیان شەهیدکردو کارەساتێکی وا گەورەیان بەسەر ئەو شارەدا هێنا، کەئێستاش ئەوشارە ڕەنگینە برینەکانی سارێژ نەبووە، هەموو ساڵێکیش لەم کاتەدا خەڵکە ستەمدیدەکەی بەچاوی پڕ گریان و کۆمەڵێك ئازارو خەم و خەفەتەوە ڕووەو سەر قەبران هەنگاو دەنێن و بیر لەو کارەساتە گەورەیە دەکەنەوە.

لەکاتێکدا ئەو کارەساتە ڕوویدا هێشتا کارەساتە کۆمەڵکوژیەکەی یابان کەلەهەردوو شارەکەی ناکازاکی هیرۆشیما لەبیری خەڵکی نەچووبۆوە، کەبەپێی بڕیارنامەی نێودەوڵەتی کەلەشاری جنێف لەساڵی 1949 بەستیان بڕیاریاندا کەبۆمبی ناپاڵم قەدەغەیەو هەر چەکێکی کوشندە دژی هاوڵاتیان بەکاربێت هەڵوێست وەردەگرین، بەڵام ڕژێمی کۆنەپەرستی بەعس گوێ بەو بڕیارە نێودەوڵەتیانە نەداو هەموو بەڵێن و پەیمانەکانی پێشێل کردو بەبۆمبی ناپاڵم وەڵامی دانەوەو شاری قەڵادزێی خاپووری کرد.. ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئالەوکاتەدا بەبەرچاوی هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کاربەدەستانی وڵاتانەوە ئەو تاوانە گەورەیە ڕوویدا، لەبەرامبەردا وڵاتان و کاربەدەستەکانیان هیچ هەڵوێستێکی مەردانەیان نەنواندو لەڕێگەی کەناڵەکانی خۆشیانەوە باسیان لەو تاوانە بێ وێنەیە نەکرد زام و برینی سارێژنەبووی ئەو کارەساتە لەدڵ و دەروونی جەماوەری شارەکە مایەوەو ئەو هەڕەشەو تۆقاندن و زەبرو زەنگەشی کەدوژمن لەناوچەکە گرتبوویە بەر بەرامبەر بەخەڵکی شارەکەو لەهەمانکاتیشدا دەیان تاوانی قێزەون ڕەفتاری نامرۆڤانەی لەسەرتاسەری کوردستاندا ئەنجامدەدا وایدەزانی بەم هەموو زەبرو زەنگەیەوە دەنگی دلێرو خۆڕاگری و ئازادیخوازان کپ و بێدەنگ دەکات و شورەی پۆڵاینی خەڵکی ستەم دیدەش دەڕوخێنێ، ئالەم کاتەدا دەنگی نارەزایی تورەبوون لەناو ناخی ئەو جەماوەرە پۆنگ خواردبوویەوە، هەروەها خەڵکی شارەکەش خۆیان بەپشتیوانی شۆڕش و پێشمەرگە دەزانی گزنگ و بڵێسەی شۆڕشی نوێش ببوە هاوڕازو هاودەمیان. بۆیە خوێندکاران کەتوێژێکی بزێوو بەئەزمون بوون و خۆشیان هەمیشە بەداینەمۆی شۆڕش دەزانی بۆ یادەوەری ئەو کارەساتە جەرگبڕەی ساڵی 1974/4/24 چەند ڕۆژێك خەریکی کۆڕو کۆبوونەوەو بەرنامەو نەخشەدانان بوون ئەوەبوو لە 1982/4/24 بەپێی ئەو نەخشە تۆکمەیەی کەدایان ڕشتبوو لەگۆڕستانی قەڵادزێ کۆبوونەوەو لەئەنجامی ئەو رق و تورەییە بێزاریشیان خۆپیشاندانێکی جەماوەریان سازکردو چەندین دروشمی شۆڕشگێڕانەیان دەوتەوە لەوانە: (24/4 جێ کەڵبەی سەگی هارە)، (هێزی گەل لەبن نایە، شەهیدبوون دکتۆرایە)، (گوللەو پەت و سێدارە، ناترسێنێ ئەم شارە)، (هەرێمی دەی جوتیاران پشتیوانە بۆ هەمووان) کەبکوژانی کارەساتە خوێناویەکەی ساڵی 1974یان ڕسواو شەرمەزاردەکرد ئەو ڕاپەڕینەش گروتینێکی جەماوەری بەخشییە شارەکە هێزەکانی (ی.ن.ك) بەتایبەتی هەرێمی (دە)ی جوتیاران بوونە پشت و پەنای زیاتری خەڵکی ڕاپەڕینی شارەکە. بۆ تۆڵەسەندنەوە لەخەڵکی شارەکە ڕژێم بەئاگرو ئاسن وەڵامی جەماوەری شارەکەی دایەوەو لەئەنجامدا هەردوو شێرە ژنی شۆڕشگێڕو قارەمان (دایکە ئامینەو خوشکە سنەوبەر) شەهیدبوون، 11 هاووڵاتیش برینداربوون و نزیکەی 60 خوێندکاری کوڕو کچیش دەستگیرکران و دوای دوو ڕۆژ مانەوەیان لەزیندانی ڕژێم لەژێر فشاری شارەکە ئازادکران.

ڕژێم بەوەوە نەوەستا رقی پەنگ خواردووی لەخەڵکی شارەکە گیرکردو لەهەلێك دەگەڕا تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ئەوەبوو بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراو بەبیانووی پشتێنەی ئەمنی هاوسنووری ئێران و نزیکبوون لەسەر سنوورو هێزی پێشمەرگە، لەساڵی 1989/6/26 (شاری قەڵادزێ و سەنگەسەرو ژاراوەو ئۆردوگاکانی پیماڵك و بەستەستێن و تووەسورانی) ڕاگواست و بەرەو ئۆردوگا زۆرەملێمانی هەولێرو سلێمانی خەڵکەکەشی بەدڕندەترین شێوە نیشتەجێکردن و شاری قەڵادزێ و دەوروبەریشی کردە ناوچەیەکی توندو تۆڵ و بەرفراوانی عەسکەری.

دوای دوو ساڵ لەئاوارەبوون و دەربەدەری و ماڵوێرانی ئەوەبوو لەراپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان و یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕین لەئۆردوگای خەبات لە1991/3/4 زەنگێکی ترسناك لەدوژمن درا، هەر گڕو بڵێسەی ئەو ڕاپەڕینەش بوو شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوەو زۆربەی شارو شارۆچکەکان ڕزگارکراو خەڵکی شاری قەڵادزێش بەجێگەو شوێنی نزرگەی باو باپیرانی شادبوونەوەو دەستیان کردەوە بەئاوەدانکردنەوەی شارو گوندەکانیان و حکومەتی هەرێمیش بەپێی ئەو ئیمکانیاتەی کەمەی کەلەبەردەستیدایە یارمەتی خەڵکی شارەکەیداو چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری تێدا ئەنجامدرا.

لەوانە: کردنەوەی دەیان قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و ڕێگاوبان و ئاوو ئاوەڕۆو دروستکردنی چەندەها ڕێگەی هاتووچۆو دابەشکردنی سەدەها پارچە زەوی بەسەر کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان و زیندانیانی سیاسی و ژنان و دروستکردنی دەیەها خانووی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران کەچاوەڕوانیش دەکرێت دەیەها پرۆژەی خزمەتگوزاری تری تێدا ئەنجامبدرێت.



شاری قەڵادزە

# لەیادی بۆردومانەکەی شاری قەڵادزە

**لوقمان بەرزنجی- ئەڵمانیا**

لەدوای پاشگەزبوونەوەی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس لەجێبەجێکردنی بەیاننامەی 11 ئازاری ساڵی 1970 کەلەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردو سەرانی بەعس مۆرکرا، ئەم پاشگەزبوونەوەیەی ڕژێم وایکرد کە سەدا هەشتای گەلی کوردستان لەدوای 11 ئازاری ساڵی 1974 بەکۆمەڵ ڕوو لەناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەلاتی شۆڕشدا بکەن و بەیەك دەنگ و یەك بیرو باوەڕی کوردانە بەرگری لەچارەنووسی کوردستان بکەن و پشتگیرو باوەڕمەندی خۆیان بەشۆڕش و گەلەکەیان بەهێزتر بکەن و ڕەفزی سیاسەتی گەندەڵی بەعس بکەن، لەدوای مانگێك و سیانزە ڕۆژ لەهەڵگیرسانەوەی شەڕی سەپێندراو بەسەر گەلەکەمان لەرۆژێکی تازە بەهاری ڕۆژی 1974/4/24 ، لەکاتێکدا دانیشتوانی شاری قەڵادزە خەریکی ژیانی ڕۆژانەیان بوون و چەند ڕۆژێکیش بوو کەزانکۆی سلێمانی لەم شارەدا بەئاشکرا بانگەشەی کرانەوەی بۆ کرابوو، پەیتا پەیتا خوێندکاران بەرەو پۆلەکانی خوێندن دەچوون لەم ئان و ساتانەدا چەند فڕۆکەیەکی جۆری (تۆپۆلیف و سیخۆی و میکی 21) هاتنە ئاسمانی ئەم شارە بێ دیفاعە، بەهەزاران تۆن بۆمبی ناپاڵمی هیندی و فسفۆڕی سۆڤیەتییان بارانده سەر قەڵادزەو لەچاوتروکانێکدا بەهەزاران دەست و قاچ و لاشەی ئینسانی کوردی بێ دیفاعیان کەلەپاچە کرد، بەبەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەبێ ئەوەی کەسێك لەم قەسابخانەیە بێتە دەنگ وەك خوێنی کورد ئاو بێت، لەم قەسابخانەیەشدا بەسەدان ژن و منداڵ و قوتابیانی زانکۆی سلێمانی تێدا شەهیدبوون، ئەمڕۆ کەیادی ئەم کارەساتە خوێناوییە دەکەینەوە بەمافی خۆمانی دەزانین کەئاماژە بەناوی ئەو تاوانبارانە بدەین کەبەشداریان لەو تاوانە مەزنەدا کرد، تاوانباران سەرۆکی گروپی فڕۆکەوانان (قائد سرب) تاوانبار عقید (سالم سلطان بسو) خەڵکی شاری موصل ئێستاش لەژیاندا ماوە دواجار لەشەڕی کەنداوی دووەم فەرماندەی بنکەی فڕۆکەخانەی (موصل) بوو، تاوانباری دووەم نقیب (صفاء شلال) بوو کە فەرماندەی گرووپی فڕۆکەکانی (مێك 21)بوو، ئەویش خەڵکی شاری (موصل) ئێستا لەژیاندا ماوە، وەك لەدوایدا زانرا بەشێکیش لە فڕۆکەوانەکانی تر هیندی و ڕووسی بوون، چونکە ئەوسات فڕۆکەکانی عیراق هەمووی تازە بابەتی سۆڤیەتی بوون، عیراقیش فڕۆکەوانی ئەو جۆرە فڕۆکانەی نەبوو، بۆیە سۆڤیەت و هیند هەموو جۆرە هاریکارییەکی بەعسیان دەکرد، ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە ئەم دوو دەوڵەتەش ڕاکێشی دادگایەکی نێودەوڵەتی بکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ لەسەر ئەو تاوانە مێژوویەدا، کەدەرهەق بە خەڵکی بێ دیفاعی کوردستاندا کردویانە، بۆئەوەی بکرێنە پەندو عیبرەت بۆهەموو ئەو دەوڵەتە مەسڵەحەتچیانەی لەسەر خوێنی گەلان دەژین، بێدەنگبوون لەئەنجامدەرانی ئەم تاوانە، بەشداریکردنە لەحەڵاڵکردنی خوێنی کورد، لەم یادە جەرگبڕەدا، سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی قەڵادزە دادەنەوێنین، قەڵادزەئەو برینە قووڵەیە کەمێژوو گەواهی لەسەر دڕندەی بەعس .



یەکێك لەمەراسیمەکانی یادکردنەوەی قەڵادزە

# لە (سوید)یش قەڵادزێتان لەبیرە

**هیوا ئەحمەد مەحمود**

مێشکتان هەروا سەوزو پاراوبێ، هاوشارییەکانی بەئەمەك و راستگۆ...

دەستتان پڕ بەخشش و کۆمەگ بێ ئەو شارەی هێشتا ماوەیەتی بیبێتەوەو بەو شارەی کەئێوەی لێ بوون... ئیشی ئێوە بارانی ڕەحمەتەو شۆڕشێکی بەردەوامی خۆشەویستییە، وەڵامێکە بۆ 4/24و ڕاگواستنی ئەم دەڤەرە... کرداری دڵسۆزانەی ئێوە ئینتیمایەکی ڕۆحییە پردێکتان لەنێوان ئێرەو سویددا دروستکردووە...

بەردەوام لێرەن... لێرەن لەدەرگای ماڵ بەماڵ دەدەن و دەڵێن (TV)یەکانتان ئیش پێبکەن، پەخشێك وەڕەزیتان دەشکێنێ و ئاگاداریەکانتان بۆ بڵاودەکاتەوە... ئەگەرچی ڕۆژێکتان نییە لەیادی ڕاپەڕین و لەهەموو ڕاپەڕینیشدا بوون، وەرن خەڵکی شەکەت و ماندوو قوومێ ئاو لەپارکی دەروازەی شار بخۆنەوەو لەباخی (دائیرە) پشوویەك بدەن...

لێرەوە دەستتان دەگوشین هاوشارییەکان... دڵ و دەرونتان خۆش... تروسکەی ئەو خۆشەویستییە پەخش کەن... پەخشی کەن تادەگاتە دڵی هاوشاریەکانی تر ئەوانەی لەگەڕەك و شارو وڵاتێکی ترن وێنەی قەڵادزێی ڕووخاوو تازە ئاوەدانیان نیشان دەنەوە...

مەینەتییە یەك لەدوا یەکەکانی شار (بەنوسراو وێنەوە) بخەنە سەر مێزی قاوەڵتیان پێش ئەوەی هەواڵی کرسمس و ڤالنتاین و ڕۆژی ئاوو ڕۆژی تەماتە لەرۆژنامەی ئەو وڵاتە بخوێننەوە...

بڵێن: قەڵادزێ ماڵی سەرەتاو ئامێزی گەرمی ئاخیری هەموومانەو دێینەوە باوەشی... ئەمە پەیوەندی شیرودایکە... دێرەکانی مێژووی گردی حوسنی و باڵای قەڵات چاوی لەهەمووتانە...

دەستتان خۆش دڵ گەورەکانی نیشتەجێی سوید، نموونەتان زۆربێ هیممەتی زیاتری دەوێ... تاکو دێنەوە لەپاڵ ئەو پرۆژانەی کەبۆی ئەنجام دراون، کتێبخانەی گشتی و هوتێلی وەك سەرجەم شارەکانی تر لێبکرێتەوە، کەهاتنەوە بەڵکو بەلای دەستە چەپی شاردا لابدەن و لەدارستانی سەرووی بەنزیخانە سەیرانگایەك دروستکرابێ و پێی دڵخۆش بین، ئێ ئەوە خوایە ئەگەر هاتنەوە سەنتەری گەنجان و بەشی ناوخۆیی خوێندکاران و یانەی فەرمانبەرانی لەسەر نەخشەیەکی جوان بۆ ئەنجام درابێ... ئێ ئەوە خوایە..!

**پەراوێز**

(1)کۆمەڵەی هاوکاری قەڵادزێ-سوید/لەساڵی 1998 لەسەر دەستی دەستەیەك قەڵادزێیی کەئێستا لەسوید دادەنیشن دامەزراوەو بەپێی توانای خۆیان هاوکاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی قەڵادزێ دەنێرنەوە.